## خەڵکی کوردستان قوربانی دەستی داگیرکەرانە، هەر بۆیە ژیانێکی پڕ مەترسیدار و نائەمنی هەیە!





"سەر لە بەیانی دوێنێ شەممە رێکەوتی ٢٦ی رێبەندان لاوێکی سەقزی بە نێوی هێمن ئەحمەدی تەمەن ٢٢ ساڵە کە بە هۆی بێکاری ڕووی لە شاری تاران کردبوو، لە کاتی کار کردندا لە ئاپارتمانێکی بەرزدا لە گەڕەکی تەجریش لە داربەست دەکەوێتە خوارەوە و بە داخەوە دەستبەجێ گیانی لە دەستدا. شەوی رابردوو رێکەوتی ١٠ی رەشەمە،لاوێکی سەقزی بەنێوی فەخرەدین مەلاحەسەنی تەمەن ٢٨ ساڵ و دانیشتووی گەڕەکی سیلۆی سەقز لەسەرسنووری هەرێمی کوردستانی عێراق و لە نزیك گوندی بسام لەناوچەی سەرشیوی سەقز لەنێو بەفرو کڕێوەدا سەری لێدەشێوێ و لە ئاکام دا گیانی لە دەست ئەدا". (سەرچاوەی: ناوەندی هەواڵنێری سەقز)

بێشک ئێران بەهۆی سەرچاوەکانی نەوت و غاز و کانگاکانی ترەوە، یەکێک لەوڵاتانی دەوڵەمەندی رۆژهەڵاتی ناوەراستە، ئەگەر داهاتی ئێران لەژێردەست و کۆنترۆڵی حکومەتێکی پێشکەوتوو لەپێناو ئاوادانکردنەوەی وڵات و بنبڕکردنی فەقر و وێرانی لەکۆمەڵگای ئێراندا سەرفی کردبا، ئەوا ئەمرۆ پاش چەندین دەهەو لەسەدەی بیستویەکدا شاهیدی ئەوەنەدەبووین کەبەرپرسانی بهداشتی ئێران باس لەنەخۆشی و با لەوڵاتەکەیان بکەن، ئەمرۆ شاهیدی بێکاری و گرانی، کەمبوونی کارەبا و خانوو، لەشفرۆشی و ئعتیاد، بێسەوادی و هەژاریی یەک لەسەر سێ جەمعیتی ئێران واتە*20 ملیۆن ئینسانی بێسواد و 14 ملیۆن مرۆڤی هەژار و نەدار لەژێر خەتی* ***** فەقردا نەدەبووین. (سەرچاوە: نشریەی ئاماری ئابووری ئێران وابستەبەبانکی ناوەندی ئێران)

کوردستانێکی داگیرکراو لەژێردەستی دەسەڵاتێکی رەشی مەزهەبی دژ بەخاک و گەل و کولتور و ئائینی، وەکوو شارۆمەندی دەرجەسێ بەخاترجەمیەوەپێشکەوتن بەخۆیەوەنابینێت، ئەگەر بەخەباتی بێووچانی خۆی بەمافەرەواکانی خۆی نەگات، هەموومان چاک دەزانین کەکۆماری ئیسلامی هەر لەرۆژەکانی هاتنەسەر کاری (شۆرشی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی پاشایەتی رێبەندانی1357) تا ئەمرۆ جێگەلەماڵۆێرانی و بیکاری بەتایبەت بۆ خەڵکی هەژار و کرێکار و کەمداهاتی کۆمەڵگای ئێران بەگەشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی ئاکامێکیتەری نەبووە، درۆودەلەسەو فریوی خەڵک لەرێگەی ئائینەوەبۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەمانای تاڵانکردنی خەڵک و دەولەمەندکردنی گیرفانی خۆیان و داروودەستەکەیان و درێژی دەسەلاتیانە، هەر بۆیە بێرەحمانەو بەدڕەندەترین شێوەخەڵکی فەقیر و هەژار لەکوردستان لەژێر خەتی فەقردا بەم جورەلەگەڵ مەرگدا روبرو دەبنەوە، و لەپێناو پیداکردنی بژیوی ژیانیاندا هەموو سنوورێک دەبڕن، ئەگەر تەنانەت گیانیشیان لەسەر دانابێت! بێ شک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەکوردستان بەرپرسیاری دەیان ساڵەی ئەم دەربەدەری و ئاواریەی ئەم خەڵکەهەژارەن.

کاک هێمن ئەحمەدی تەمەن ٢٢ ساڵەبۆ دەبێت لەگەڕەکی تەجریش ی تاران لەداربەستی ئاپارتمانێکدا بەربێتەوە؟ بۆ نەدەبوو کەهێمن ی جوانەمەرگەکان لەزانکۆکانی کوردستان خوێنەوارییان بکردبا؟ بۆ دەبێت لەکوردستان کرێکاری خانوودروستکردن بۆ هێمن و هێمنەکان دەست نەدات؟هەر باسی ئەوەناکەم کەبنەماڵەی هێمن و سەدان و هەزاران قوربانی تر پاش لەدەستدانی نانهاوەر و ئازیزی بنەماڵەکەیان، چۆن بژێوی ژیانیان جێبەجی دەکەن، باس لەتامین کار و بیمەی گشتیی ناکەم کەفڕی بەسەر هەژار و نەداری وڵاتی ئێمەوەنیە!

ئەوەچ ژیانەکەکەسەدان و هەزاران مرۆڤی وەکوو کاک فەخرەدین مەلاحەسەنی تێیدا گیانی بەخت دەکات بۆ ئەوەی کەماڵ و منداڵی لەبرسا نەمرن؟ ئەوەچ ژیانێکەکەوا دەکات کەدانیشتوویەکی گەرەکی سیلۆی سەقز لەسەر سنوورەکی دەستکرددا لە نزیك گوندی بسام لەناوچەی سەرشێوی سەقز لەنێو بەفرو و کڕێوەدا سەری لێدەشێوێت و لە ئاکام دا گیانی لە دەستدەدات؟ داخۆ کاتێک نانهاوەری ماڵ بەکۆڵکێشی و شەونوخونی لەژێر بەفر و کرێوەدا، لەژێر ترس‌ولەرزی شەوەزەنگی دۆژمنی داگیرکەردا زەکی برسی خۆیان و منداڵیان تێر دەکەن، کاتێک بەم شێوەیەتێدا دەچن، کێ ئاوڕ لەماڵ و منداڵیان دەداتەوە؟

لەکوردستان جگەلەهێزەی داگیرکەر و بەکرێگیراوەکانیان نەبێت، هیچ کرێکار و کۆڵکێشەکی تارانی و ئیسفهانی تێدا گیانیان لەدەست نەداوە، کۆمەڵگای ئێمەیش شایستەی ئەوەیەکەلەماڵی خۆیدا خاوەنماڵ بێت، و ستانداردێکی بژێوی ئینسانیی بێت، چی تر خەڵکی کاسبکار، کۆڵبەرانی زەحمەتکێش و هەژارنی کوردستان، رووناکبیران، نووسەران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لەژێر چەپۆکەو دڕەندەیی هێزە ئەمنییەتی و ئیتیلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەکەونەبەر پەلاماری کوشتن و لێدان و ئەزیەت و ئازارەوە. ئەم گەلەیش شایستەی ئەوەیەکە دوور لەدەستی دەسەڵاتی داگیرکەرانی، کرێکار و کولکێشی کورد لەماڵی خۆیدا دوور لەترس و هەڕەشەی ئەم و ئەو، کۆمەڵگایەکی ئاسوودەو سەربەستی هەبێت، بۆ گەیشتن بەم ئاواتەئێمەهیچ رێگایەکمان نیەجگەلەخەباتێکی هاوبەش و بێوچان.

لەکۆمەڵگای پێشکەوتوودا دەوڵەت بەرپرسیارەبەرامبەر بەدابینکردنی کار و ژیانی کۆمەڵگا، دامودەزگا و قانونی وڵاتی دیموکراتیک

بەرپرسیارەلەئاستی قەوانینی کار و کۆمەڵایەتیدا،لەوەها کۆمەڵگایەکدابنەماڵەی نانهاوەردەلەدەست چو ناکەونەسەرشەقامی سواڵی و هەژاریی.

پرۆگرامی ئابووری و کۆمەڵایەتی سۆسیالدیموکراسی بەئەزموونی پراکتیکی چەندین دەهە لەدەسەڵات و ئیدارەی کۆمەڵگای مەدەنی لەوڵاتانی جیهان شیاوی گەلی کوردیشە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (رۆژهەڵات) لەپێناو ژیانێکی ئینسانیدا دەست لەنێو دەستی خەڵکی کوردستان خۆی بەبەشدار دەزانێت لەپرۆسەی بەدەوڵەتکردنی گەلی کوردستان لەپێناو حکومەتێکی دیموکراتیک و دامەزراندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بۆ بنەبڕکردنی هەژاری و نەداری لەکۆمەڵگای کوردەواریدا.

هێرش عەلیـزادە 09-03-2009

* دیارە فەقر لەهەر کۆمەڵگایەکدا مانای و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونەفەقر لەکۆمەڵگای ئورووپیدا جۆرێکەو لەکۆمەڵگای ئێران و وڵاتانی تردا جۆرێکی ترە، لەم نووسراوەدا مەبەست لەفەقر لە وڵاتی ئێمەدا لە روانگای منەوەئەوەیەکە: ئەو مرۆفانە بەهۆی گیروگرفتی ئابووریەوە ناتوانن لەکۆمەڵگادا ژیانی خۆیان و ماڵومندالیان بەبچووکترین شێوەتامین بکەن، توانای ماڵ پێکەوەنانیان بۆ ژن هێنان نییە، توانای خوێندەواری منداڵیان نییە، کار و تامینی بیمەی گشتی (هەمەگانی) نییە. هەروەها ژنومنداڵانی بێداهات، دەستفرۆشانی سەرشەقامەکان، سواڵکەری کوڵانوشەقامەکان، کۆڵکێشی و خادەمی مزگەوت و تەکیەکان، کرێکارانی بێ تامین لەکۆمەڵگا، ، رەشایەوقەرەی گوندەکان، کرێکارانی وەیلان بەدوی کاردا لەشارەکانی ئێران، کرێکارانی فەسڵی و کورەخانەکان، ئەو خێڵە بێسەرپەنای کۆمەڵگا کەلەپێناو بژیویاندا ناچارکراون لەدامودەزگاکانی حوکمیدا لەژێر نێوی بەسیج و بێبەزاعەت و لاکەوتەو خێروخێراتدا دەژین، قاچاخچیانی سنوورەدەستکردەکان (بنزین بەکۆڵەکان، بارکێش و کۆڵکهەڵگری خاوەن دەسمایەدارەکان) و .... ، دەکرێت بەم بەشەلەخەڵکی کۆمەڵگای کوردەواریبڵێین کەلەژێر خەتی فەقردا دەژین و لەئەستانداردەکانی ژیانی مرۆفی سەردەم بێبەرین.